# مێژووی دروست بوونی گەڕەکی تەپە

**فەرهاد هەمزە محەمەد**

پێش ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردوو ئەم شوێنەی کە ئێستا گەڕەکی تەپەی پێ دەڵێن زەوییەکی چۆڵ و هۆڵ بوو و هیچ کەسێکی تیدا نیشتەجێ نەبوو. لە زەوییەکی کشتوکاڵی بەولاوە هیچی تر نەبوو کە خاوەنەکەی حاجی سابیر بەگ بوو کە یەکێک بوو لە بەگەکان و لە گەڕەکی شاتڕلوو دادەنیشت. لە پێش چلەکانی سەدەی بیستەم ژمارەیەکی زۆر کوردی ئێران لە ئەنجامی مل ملانێی یاندا لەگەڵ شای ئێراندا دووچاری ئاوارەیی بوون و لە کەرکوک نیشتەجێ بوون. بەڵام خاوەن خانووەکان لەبەر تەنگی و سەغلەتی شوێنەکانیان داوایان لێ کردن کە بگەڕێنەوە ئەوانیش هیچ دەرەتانێکیان نەبوو ناچار پەنایان بۆ شێخ مستەفا کەیەکێک لە پیاوە ناودارەکانی کەرکوک و تەکیەکەی ئێستاش ماوە و دەکەوێتە سەرەتای شەقامی کۆماری یەوە بەرامبەر کەباب عەبدوڵلا، ئەویش دەست بەجێ داوای لە حاجی سابیر بەگ کە پیاوێکی وچاغ کوێر بوو کرد کە زەوی یەکانی پارچە پارچە بکات و بەنرخێکی گونجاو بەو ئێرانیانەی بفرۆشێت تالی ی نیشتەجێ بین، حاجی سابیریش لە قسەی شێخ مستەفا دەرنەچوو ڕازی بوو لەسەر پێشنیارەکەی. ئەوە بوو لەو کاتەدا سەرۆکی شارەوانی کەرکوک کابرایەکی کوردی تاڵەبانی بوو فەرمانی دا بەچەند کرێکار و ئەندازیارێک کە دەست بکەن بە پارچە پارچە کردنی زەوییەکانی حاجی سابیر بەگ. فەرمانەکە جێ بەجێ کراو بە نرخێکی هەرزان دابەش کرا. سەرۆکی شارەوانی داوایی لە شێخ مستەفا کرد پێویستە حاجی سابیر بەم بۆنەیەوە داوەتێکیان بکات، بەڵام دواتر حاجی سابیر لەبەر ڕەزیلی و پیسکەیی خۆی داوەتەکەی جێ بەجێ نەکرد، سەرۆکی شارەوانی بەم هەڵوێستەی حاجی سابیر زویر دەبێت و بڕیار دەدات تۆڵەی لێ بکاتەوە، ئەوە بوو دوو پارچە زەوی گەورەی بۆ مەبەستی باخچە لێ دابڕی کە پاشان ناونران باخچەی (( أم الربيعين )) کە دەکەوێتە ئەم بەر و ئەو بەری شەقا[م] سەرەکی یەوە کە ئێستا لە دەستێکی دا هەوارگ[ە] ئەمڕۆزەو دەستی ئەوپەڕەوەشی شوێنی هێز[ی] ئەمریکی یەکانە. حاجی سابیر بۆ هێشتنەوەی ناو[ی] خۆی بە زیندوویی مزگەوتێکی بەناوی خۆیەوە ت[ێ]دا دروست کرد. کەتا ئێستا هەر ماوە و یەکەم کە[س] مەلا سەید محەمەد عەبدول کەریم بوو بە وەرتار پێژ[ی] پێش نوێژی کەری ئەو مزگەوتە ...

بەڵام سەبارەت بە بنچینەی ناوەکە بەسەرهاتەک[ەی] بەم چەشنەیە: زانایەکی ئاینیی بەرز هەبوو ناو[ی] مەلا عەبدوڵلا بوو مەلای مزگەوتەکەی بەرامبە[ر] کەباب عەبدوڵلا بوو. ئەم زانا ئاینی یە لە ساڵی ١٩١٧ کۆچی دوایی دەکات و لەسەر بەرزایی یەکەی پشتی بەنزینخانەکەی تەپەوە ئەنێژرێ کە دواتر بوو بە گۆڕستانی تەپە. دواتریش کە گەڕەکی تەپە دروست کرا بەناوی ئەو زانا ئاینی یەوە ناونرا ..